# پاشگەزنیم



عومەر کەریم بەرزنجی

-1-

پاشگەزنیم لەوەی کە
من چەنێك ئازاری ئەوینتم چەشتووە
لە بەردەم تریفەی گۆناتا
بەندەم و کڕنووشم بردووە
وەلێ تۆ بەم کۆچەت
ئاگرلە خەرمانی ئەوینم بەردەدەی

-2-

بەو فانۆسە شکاوەوە
لە دەرگای دڵی شەو مەدە
ئەم شەوە قەلای مێردان نیە گوڵم...
وەلێ قەلای نامەردانە

-3-

گەر تۆ شك نەبەم
کام کێو زۆرسەختوو پڕلە هەڵدێرە
ئەیگرمەبەروو
بەرەو ئامێزی مەرگ و فەنابوون
ملی رێ ئەگرم
گەرتۆ شك نەبەم، کانی سۆزی ئەوینی دڵم وشك دەکات و
هیچ گوڵێك جێگای سەرنجی دڵ و
نیگای پڕسۆزی عەشقێکم نابێ...
چی ئەفسوونێك بوو ئەی گوڵ
هێندە زوو خۆت تەسلیمی ئەو قەدەری عەشقە کرد
وەرەو لەئامێزی تۆدا
لاوکی ئەوینێك بۆ بەژنی زراڤ و
دەریای چاوەکانت بڵێم
لەزەتی ژیان لە هەنگوینی لێوی تۆدایە ئەی گوڵ
حیکمەتی بوون, لە نیگای تۆدایە ئەی یار
بەر لەوەی بێی : باڵندەی رۆحی شەکەتم
لەسەر بانیژەی قەدەری ئەم بوونە هەڵدەکورما.